

# ٢٠٠٩/٩/٣٠ ڕۆژێک

کاتژمێر(٦)ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٣٠ ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ وەرزشی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەبەر چەند هۆیەك:

أ- ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم ڕێزدار مسعود بارزانی لە نێو یاریگا، خۆی لە خۆیدا هاندەرێك بوو بۆ یاریزانان و گرووتینێکی دیکەی بە یارییەکە دا و سەلماندی کە بەرپرسانی سیاسی و حکومیش گرنگییەکی تەواو بە وەرزشی کوردستان دەدەن.

ب- شکاندنی ئابلوقەی وەرزشی و گەڕاندنەوەی چالاکییەکانی تۆپی پێ بۆ شاری هەولێر کە پێشتر لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەهۆی بارودۆخی نالەباری عێراق قەدەغەکرابوو، لەمە و دوا یانەکان و هەڵبژاردەکانی عێراق یارییەکانی بە فەرمی لە یاریگای نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری ئەنجام دەدرێ.

**جەماوەر سەروەرە**

روون ئاشکرایە جەماوەر بە یاریزانی ژمارە(١٢) دەژمێردرێ ئەوەتا لە یاری ٢٠٠٩/٩/٣٠ جەماوەری وەرزشی چەند کاتژمێرێك پێش یاری پەیژەکانی یاریگایان پڕکردەوە لە زیاتر لە (٢٠) هەزار کەس زیاتر بوو سەرەڕای ئەوەی راستەوخۆش دەگوازرایەوە، ئەم جەماوەرە خۆشەویستە لە سەرەتای یاری تا دوا فیکەی ناوبژیوانی ئێرانی موحسین تورکی هانی یانەکەیان دەدا بە شێوازێکی مۆدێرن و دوور بوون لە قسەی ناشیرین لە هەمان کاتیشدا سەرەڕای دۆڕاندنی یانەی هەولێر جەماوەری ئامادەبوو بە چەپڵە ڕێزان بە دروشمی پیرۆزە پیرۆزە پێشوازیان لە یانەی کوەیتی کرد کە






# ى مێژوویی بوو

بووه جێگای خۆشحاڵی تیپی میوان که توانیان ڕێزێكی تایبەتیان لێ بگرن.

### ڕۆڵی کەناڵە وەرزشییەکان لە گواستنەوەی یارییەکە

ئەم ڕۆژه قەد لە یاد ناكرێ كه جەماوەری وەرزشی عەرەبی و ئاسیا و جیهان لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییە وەرزشییەکان و بۆ یەکەمینجار لە یارگای شەهید فرەنسۆ هەریری توانیان بەشێوەیەکی ڕێکو پێك یارییەکە بگوازنەوە و سەرنجی بینەرانی ڕاکێشا گرنگ لە هەموو شتێك نمایشکردنی هەر سێ سرودی نیشتمانی هەرێمی کوردستان و عێراق و کوەیت بوو کە بەڕاشکاوی ئاڵا بەرزەکەی کوردستان بە فەرمی بە جیهان ناسراو.

### محەمەد ئیبراهیم ڕاستی گوت

ڕاهێنەری یانەی کوەیتی محەمەد ئیبراهیم لەگەڵ گەیشتنی بۆ شاری هەولێر لە گشت لێدوانەکان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکاندا بەڕاشکاوی بێ دوو دڵی دەیگوت ئێمە هاتووین بۆ سەرکەوتن و یارییەکەش دەبینەوە دەبێ ئەم ڕاهێنەرە چ متمانەیەکی بەخۆی هەبێ کە لە وڵاتی خۆی لەگەڵ یانەی هەولێر بەرامبەر بووە، لەلایەکی دیکەوە ڕاهێنەری یانەی هەولێر سائیر ئەحمەد بۆ یەك چرکەش لە لێدوانەکانی بردنەوەی لەو یانەیە مسۆگەر نەکرد و دەیگوت هیوادارم ئاستێکی بەرز نیشان بدەین، بەڵام بەداخەوە سائیر ئەحمەد نەیتوانی دڵی ئەو جەماوەرە بەرفرەوانە خۆش بکات، هیواداریین ئەم دۆڕاندنە نەبێتە هۆی دڵڕاوکێی یاریزانەکان و بێ ئومێد نەبن باش بزانن تۆپی بردنەوەی دۆڕاندنی تێدایە و بە هیوای ئەوەین لە خولی یانەکانی عێراق ئەم هەڵانە چارەسەر بکەن ئێمەش لە فایلی وەرزشی پیرۆزبایی لە یانەی کوەیتی دەکەین.





# راهێنەر خەونی هـ

**(٣٠-٩) کە ڕۆژی ڕێکخستنی یاری گرنگ بوو بە ڕۆژێکی مێژووی دادەنرا بۆ کوردستان، بەڵام زۆر ناخۆش بوو بۆ هەولێرییەکان کاتێك قەلای زەرد لە یارییەکەی چارەنووسازدا لە نێو جەماوەری خۆیدا تووشی دۆرانێکی چاوەڕواننەکراو بوو بەرامبەر یانەی کوەیت کوەیتی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ لەمیانی یارییەکانی قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی، بە پێویستمان زانی باسی هۆکاری دۆڕانی یانەی هەولێر بکەین لەگەڵ چەند خوێندنەوەێك لە یارییەکدا.**

رێبین ڕەمزی
rebin1985@yahoo.com





گوڵان
ژمارە (٧٥١)
٢٠٠٩/١٠/٥



دووبارە راهێنەر بەردەوامە لە هەڵەکانی و بڕیارە خێراکان کە هیچ سوودی نییە ئێمە زۆر باسی خاڵە لاوازەکانی یانەی هەولێرمان کرد و بە هەمان شێوە ڕۆژنامەکانی تری هەولێر، کەچی راهێنەری هەولێر پرۆفیسۆر سائیر ئەحمەد ئامادە نییە چارەسەریان بکات، بەلکو بەردەوام دەبێت لە هەڵەکانی چەندین جار باسی ئەوەمان کردووە کە زۆریی یاریزانەکان لە شوێنی راستەقینەی خۆیان یاری ناکەن یاخود هەندێك یاریزان سەرەکی یاری دەکەن کەچی ئاستیان هەر شیاوی یاریکردن نییە، بەڵام بۆچی باس دەکەی چەندین جار باسمان کرد و ڕەخنەمان گرت کە هەندێك یاریزان شیاوی ئەوە نینە لە یانەی هەولێر یاری بکەن و هەندێك یاریزان لە یانەی هەولێر بۆندیان نوێ نەکراوە کەچی زۆر پێویستیان پێ هەبوو، بەڵام راهێنەر لەبەر ئەوەی کێشەی لەگەڵیان هەبوو هەموو یاریزانەکانی لە یانەی هەولێر بەڕێ کرد بە چەندین بیانۆ، دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر هەموو شتێکی بۆ راهێنەر سائیر ئەحمەد کرد وەکو دابینکردنی یاری دۆستانە و ئۆردوگای مەشقی و بۆندە گرانبهاکان لەگەڵ ئەو یاریزانانی کە راهێنەر خۆی دەست نیشانی کردبوون و بۆندی باشترین یاریزانەکانی عێراق نوێ نەکردووە لەسەر داواکاری راهێنەر، کەچی کاکە سائیر لە یارییکەی مێژوویدا شکستی هێنا ئەویش بە هۆی ئەو پێکهاتە نادروستانە کە پێڕەوی دەکات، بۆ نموونە لەم یارییە گرنگە یاری بە یاریزانێك کردووە کە ماوەی مانگ و نیوەیەك یاری لەگەڵ یانەی هەولێر نەکردووە و هەروەها لەگەڵ یانەی هەولێر نەچۆتە ئۆردوگای مەشقی ئەویش یاریزان دیار ڕەحمانە بەهۆی چەند کێشەیەکیماڵەوە نەیتوانی لەگەڵ یانەی هەولێر بەشداری ئوردوگای مەشقی بکات و بەشداری لە مەشقەکانی ڕۆژانە بکات، کەچی سائیر ئەحمەد یاری بەم یاریزانە کرد دواتر کردیە یاریزانی هێڵی بەرگری هەر بژی کاکە سائیر لەگەڵ خۆت و پلانەکانت، بەڵام ناوی شوان مامۆی لە لیستەی یاریزانە یەدەگەکانیش نەبوو، هەروەها ئەوە چەند یارییە یاریزان عیسام یاسین ئاستی وەکو پێویست نییە و چەندین جار ئاماژە بەم خاڵە کرا کەچی هەر یاری بەم یاریزانە دەکات هەل ناداتە کاپتنی یانەی هەولێر رافد بدرەدین کە لە هەموو لایەنێك باشترە و سەیر لەوە دایە



# ...ەولێرییەکانی لە چاڵنا

یاریزان هەڵگورد مەلا محەمەد دەتوانێ بە قاچی چەپ یاری بکات، بەڵام لە راستە یاری پێ دەکات، کەچی مەهدی کەریم تەنیا بە قاچی راست دەتوانی یاری بکات، بەڵام هەر لە چەپە یاری پێ دەکات لەهەمان کاتدا باشترین یاریزانی چەپ وەکو ویسام زەکی لەسەر کورسی یەدەگ دانیشتووە، ئاخر چ راهێنەرێکە لە سەرەتای یاری تا کۆتایی یارییەکە بە یەك پلان یاری بکات و هیچ گۆڕانکاری تیاییدا نەکات، کاتێك کە یانەی کوەیت گۆڵی سەرکەوتنی تۆمار کرد کاکە سائیر هەر بە چوار یاریزانی هێڵی بەرگری یاری دەکرد، بۆیە بە بۆچوونی خۆم هۆکاری سەرەکی دۆڕانی یانەی هەولێر دەخەمە سەر ئەستۆی راهێنەر سائیر ئەحمەد کە نازانێ چۆن مامەڵە بە یاریزانەکانی بکات کەسی شیاو لە شوێنی شیاو یاری پێ ناکات، بۆیە پێویستە لەسەر دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بە زووترین کات ئەم راهێنەر لەسەر کار لاببەن و راهێنەرێکی تازە یاخود بیانی بۆ یانەکەیان دەست نیشان بکەن پێش دەست پێکردنی خولی پلە نایابەکانی عێراق.

## گۆڕانکاری لە پێکهاتەی هەولێر پێویستە

یەکەم کاری یانەی هەولێر ئێستا وەك باسم کرد لابردنی راهێنەرە لە پۆستەکەی دوای ئەوە یانەی هەولێر پێویستە گۆڕانکارییەکی تەواو لە پێکهاتەی یانەکەی بکات چونکە هەندێك یاریزان لە یانەی هەولێر یاری دەکات شیاوی درێسی ئەم یانەیە نییە، لە هێڵی بەرگری دەست پێ دەکەین بە زووترین کات دەبێ بۆند لەگەڵ دوو یاریزانی بە توانا لە لای راست و لە دواوە مۆربکەن، بە زووترین کات بۆندی هەریکە لە ئەحمەد ئیبراهیم و عیسام یاسین هەڵبوەشێنەوە، چونکە ئاستیان وەك پێویست نییە، لە هێڵی ناوەڕاست هیچ کێشەیەك نییە شیاوی باسکردن بێت، لە هێڵی هێرشبردن وەرزی پارساڵ هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام لە یارییەکەی کوەیت بۆمان بە دیارکەوت کە یاریزانی گۆڵکارمان نییە و پێویستیمان بە دوو یاریزانی هێرشبەر هەیە چونکە لوئەی سەلاح بۆ شەش مانگ سزادرا و کەرار تاریق و حوسێن کەریم ئاستیان زۆر نەزمە ناتوانین پشتمان پێ ببەستین لە خولی عێراق و جامی یەکێتی ئاسیا.

## یاریگا شیاوی یاریکردن نییە

دەبێ دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر هەر لە ئێستاوە دووبارە چیمەنی یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری بگۆڕی چونکە بە هیچ شێوەیەك شیاوی یاریکردن نییە، زۆر کەس هۆکارەکەی بۆ ئاهەنگی موعین دەگەڕێنەوە، بەڵام چیمەنەکە خودی خۆی باش نییە تا سەرپەرشتیار یارییەکە و راهێنەری یانەی کوەێت ئاماژەیان بەم خاڵە دا.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کەوا یاری هەولێر وکوەیت لە رووی رێکخستن باشترین یاری بوو لە مێژووی کوردستان و عێراقدا ئەمەش بە ستایشی شاندی کوەیت و ناوبژیوانەکان و سەرپەرشتیاری ناوبژیوانەکان کە دەستخۆشیان لە یانەی هەولێر بۆ ئەم رێکخستنە جوانە کە لە یارییەکە جێبەجێیان کرد، هەروەها دەبێ دەستخۆشی لە جەماوەری هەولێرییەکان بکەین کە سەری کوردستانیان بەرز کردەوە دوای ئەو خۆرەوشتە بەرزە کە بەرامبەر تیپی مێوانیان نیشاندا کە بوو جێگای ستایشی هەموو کەناڵ و رۆژنامەکانی کوەیت ئەمەش گەورەیی کوردستان و هەولێرییەکان نیشان دەدات.



## پێکنباوەر :

# ریال مەدرید پلانی رفاندنی ریبیری

فرانس پێکینباوەر تۆپی پێی خۆشدەوێ بە هەمان شێوەش حەز لە وەرزشی گۆلڤیش دەکات هەر بەهۆی یاری گۆلف چەندین جار سەردانی باشووری ئەفریقیای کردووە بۆ ئەوەی چالاکی لێ ئەنجام بدات، ئەمەو لە ساڵی داهاتووش جارێکی دیکە سەردانی ئەم وڵاتە دەکات، بەڵام ئەمجارەیان جیاوازی هەیە و وەکو بەرپرسێکی تۆپی پێی و جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیایە کە وڵاتەکەی بەشداری مۆندیال دەکات و دەیانەوێ رکابەری بکەن بۆ بە دەستهێنانی ئەم نازناوە کە یەکەمین جار لە کیشوەری رەش پێستەکان ئەنجام دەدرێت، پێکنباوەر وەکو یاریزان و کاپتن توانی نازناوی مۆندیالی (١٩٧٤) بەرزبکاتەوە و هەروەها وەکو راهێنەریش نازناوی مۆندیالی (١٩٩٠)ی بردەوە و لە مۆندیالی (٢٠٠٦) لە ئەڵمانیا سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاری مۆندیال بوو، ئەم ئەفسانەیە لە گشت بۆنەکان ئامادە دەبێت وەکو شیکەرەوەیەك و یان نووسەرێك کە چەندین بابەت لە رۆژنامەکان دەنووسێت ئێمەش لەبەر گرنگی بابەتەکە و ئاشنا بوونی جەماوەری ئەڵمانی لە چالاکییەکانی ئەم ئەفسانەیە بەباشمانزانی لە گۆڤاری سوپەر وەریبگرین و لای خۆمان بڵاویبکەینەوە.

*** ئەو گۆڕانکارییە چین کە بەسەر مۆندیال هاتووە دوای بەشداریکردنت لە مۆندیالەکانی (١٩٦٦-١٩٧٠-١٩٧٤)؟**

- گۆڕانکاری سووکی بەسەر هاتووە و هەروەها جیهانیش گۆڕاوە و شێوازی یاریکردنیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەو کاتەی من دەستم بە یاریکردن کرد تەنیا تەلەڤزیونی رەش و سپی هەبوو و هیچ وێنەیەکی رەنگا و رەنگ نەبوو، بەڕاستی دوای مۆندیالی (١٩٧٠) گۆڕانکارییەکان بەدی کرا.

*** چۆن؟**


- لەو کاتەدا کاری پیشەگری دەستی پێکرد و جەماوەری تۆپی پێش لە زیادبووندا بوو بە میلۆنەها خەڵك ئاگاداری تۆپی پێی دەبوو، ئێستا یاریزانان بە زۆر شێواز پارە پەیدا دەکەن بگرە لە ریکلام و یانەکان لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و جەماوەری تۆپی پێی ئێستا شێتی ئەو یارییەن نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە لە ئێستاوە خەڵك هەوڵ دەدات شوێنێك لە باشووری ئەفریقیا مسۆگەر بکات بۆ بینی ئەو یارییانە.

*** بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەوانەی بەشدارییان لە پاڵەوانیەتی کیشوەرەکان کرد لە باشووری ئەفریقیا هەستیان بە سارد و سەرمای دەکرد بە تایبەتی ئەو یارییانەی بەشەو ئەنجام دەدرا، ئایا ئەمە نابێتە کێشەیەك بۆ هەڵبژاردە بەشداربووەکان لە مۆندیال؟**

- ئێمە لە کەش و هەوای گەرم راهاتووین کە پێشتر لە نیوەی تۆپی باکوور ئەنجام دەدرا، بەڵام مۆندیالی باشووری ئەفریقیا دەبێتە پێنجەمین مۆندیال کە لە نیوەی باشوور ئەنجام دەدری و دوای ئۆرگوای (١٩٣٠) و بەرازیل (١٩٥٠) و شیلی (١٩٦٢) و ئەرژنیتین (١٩٧٨) ئەم تێبینانە تەنیا لەسەر یاریزان نییە بەڵکو جەماوەر و دەزگاکانی راگەیاندن و ئامادەبووانیش دەگرێتەوە منیش یەکێکم لەوانە، دابەزینی پلەی گەرما لای منیش چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام یاریزانان ئەم کەش و هەوایەیان پێ خۆشە و حەز دەکەن ئەو کاتەی یاری دەکەن کەش و هەوا سارد بێت و نەوەك گەرم بێت، من وای بۆ دەچم ئەم کەش و هەوایە لە بەرژوەندی پاڵەوانیەتیەکەیە.

*** ئەنجامەکانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا وەکو پێویست نەبوو لە مۆندیالی کیشوەرەکان، ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە ئەمجارەش تووشی هەمان ئاستەنگ دەبن لە مۆندیال؟**

- بەرای من یاریزانانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا کە بەشدارییان کرد ماندوو بوون لەبەر ئەوەی وەرزی رابردوو خولەکانی ئەورووپا زۆر درێژ و قورس بوو، ئەو کاتەی منیش یارییم دەکرد زۆر ماندوو دەبووین چونکە یارییەکان زۆر بوو، ئێستا یاریزانانی خولی ئیسپانیا و ئیتاڵیا چەندین یاری گران و قورس لە یەك



# داڕشتووه



هەفتە ئەنجام دەدەن لەوانە خولی ناوەخۆ و خولەکانـــی ئەوروپا و پاڵاوتنی مۆندیالیش کە ئەمـــەش دەبێتە هـــۆی نزمی توانای لەشیان.

*** وەرزی تازەش بە هەمان شـــێوە قورس و گران دەبێت، ئایا بڕوات وایە گۆڕانکارییان بەسەردابێت؟**

- بەڵـــێ، لەوانەیە ئەمە روو بدات و رووش دەدات چونکە فیفا کاتەکانی دیاریکردووە و دەبێ لە ناوەڕواستی مانگی (٥) هەموو چالاکییـــەکان بـــە کۆتا بێت بـــۆ ئەوەی یاریزانەکان بتوانن بە شـــێوەیەکی راست و دروست بەشداری بکەن و توانا و جەستەی لەشیان بەهێز بکەن.

*** بەرای تـــۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دەتوانی بەسەر ئەم کێشانە زاڵ بێت بەهۆی گەورەیی تەمەنی یاریزانەکانی؟**

- ئیتاڵییەکان لە ئاستی راستەقینەی خۆیان دوور بوون لەم پاڵەوانیەتیە ئەمەش لە لای گشت چاودێران بەدی دەکرا و زۆر زەحمەت لە هەڵبـــژاردەی ئەمەریکایـــان بردەوە کە زۆربەی کاتـــەکان بە (١٠) یاریزان یارییان دەکرد بەرامبەر لە میسر (٠-١) گۆڵ دۆڕا و بەرامبەر بەرازیلییەکانیش (٠-٣) گۆڵیش دۆران گـــەر هاتوو بەرازیلییـــەکان یارییان بکردبایە ئەنجامـــی یارییەکە دەبووە پینج یان شـــەش گۆڵ، راهێنەر مارشیلۆ لیپی ســـوودێکی زۆری لەم پاڵەوانیەتیە وەرگرت سەرەڕای ئەمەش هێشتا چوونی بۆ مۆندیال مسۆگەر نەکردووە.

*** گرنگ ئەوەیە ئەوەی میوانداری دەکات ئەنجامـــی بـــاش بە دەســـت بهێنی، چۆن دەڕوانیتە ئاســـتی هەڵبژاردەی باشـــووری ئەفریقیا؟**

- بە هەموو متمانەیەکەوە دەمەوێ پێت بڵێم کە هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا یەکێکە لەو هەڵبژاردانەی کە رکابەری لەســـەر بە دەســـتهێنانی نازناوی مۆندیال دەکات گەر هات و کێشەی یاریزانی گۆڵگار چارەسەر بکەن دەبێ یاریزانێکی هێرشـــبەر بدۆزنەوە کـــە هەلەکان بگۆڕی بۆ گۆڵ تۆمارکردن لە توانایان هەبوو کە لە بەرازیل ببنەوە پێش ئەوەی بە گۆڵێك بدۆڕێنن.

*** تـــۆ تەنیا جێگری ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا نیت، بەڵکو ســـەرۆکی یانەی بایرەن میونیخی کە یەکێکە لە یانە زلهێزەکانـــی جیهان رات چییـــە بەو پارە زۆری کە ریال مەدرید بۆ هێنانی یاریزانان سەرفکردووە؟**

- ئەمە کاتێکی سەرســـوڕمێنەرە بۆ ریال مەدرید و ســـەرفکردنی ئەو بڕە پارە زۆرە لـــەو کاتە دا دێت کە جیهـــان بە قەیرانی دارایی دادێـــت ئەمەش کارێکی ئاســـان نییە ســـەرۆکی یانەی ریال مەدرید پیریز دەتوانێ رووبەڕووی ئـــەم قەیرانە ببێتەوە، پێریـــز دەیـــەوێ بە بەردەوامـــی رکابەری بەرشـــلۆنە بکات کە ماوەیـــەك لوتکەی خولی ئیسپانیای وەرگرتووە و ئەوروپاشی کۆنترۆڵ کردووە، پێشـــتریش کە سەرۆکی ئـــەو یانەیە بوو توانی چەندین یاریزانی بە توانا بهێنێ لەوانە زینەدین زێدان و رۆناڵدۆ و بێکهام و فیگۆ، کە هەموو یانەیك حەزی دەکرد یـــاری لەگەڵ ریال مەدرید بکات و پارەوپولێکـــی زۆری وەرگرت بە تەئکیدەوە دەڵێم ئەمجـــارەش پیریز دەتوانێ بەســـەر قەیرانـــەدا زاڵ بێت و چەندیـــن یاریزانی دیکەش بکڕێ ئێستاش پلانێکی توکمەیان دارشتووە بۆ بردنی فرانك ریبیری، هیوادارم هەوڵەکانیان شکست بهێنێ.

*** لەو کێشەیە تۆ خاوەن بڕیاریت؟**

- نەخێر، راستە من یەکێکم لە دروستکردنی بڕیارەکە، بەڵام دەستبەرداربوون لە یانەکەمان دەکەوێتە دەست ئەستێرەی بەناوبانگ فران ریبیری.

*** ئایا لەو کات و ســـاتەدا دەستبەرداربوون لە ریبیری قسەی لەسەر ناکرێ؟**

- هیچ شـــتێك نییە جێگەی قســـەکردن نەبێت،هیوادارم ئەو بڕە پارەی ئێمە داوامان کردووە پێیان دابین نەکرێ تا ئێمەش واز لەو ئەستێرەیە نەهێنین و دەمانەوەی پارێزگاری لێ بکەین.